رێگای کوردستان
دووشەممە 1ی نیسان (ئەپریل)ی 2002 ژمارە (496) ساڵی (57)

مەخمور لە گێژاوی تەعریبدا

سامان قەرەچوغی



شارۆچکەی مەخمور یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە شاری هەولێرو نزیکەی "67"کم لێیەوە دوورەو ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی داگیرکەری بەعسدایە، قەزای مەخمور لەبەر گەورە بوونو بەرفراوانی ناوچەکانی هەر زوو کرایە ناوەندێك بۆ بەستانەوەی هەرسێ ناحیەی " قەراجو کەندێناوەو گوێڕ" مەخمور هەر لە کۆنەوە زێدی کوردان بووەو هەندێ ماڵە (جوولەکەشی) تێدا ژیاوەو لە ساڵانی چلەکانەوە کۆچیان پێکراوە بۆ (ئیسرائیلی) ئێستا، یەکەم ماڵە (عارەب)یش کە هاتۆتە شارۆچکەی مەخمور ماڵی (ئەحمەد عەرەب) بوو لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، قەزای مەخمور لەرووی ئابوورییەوە سنورەکەی تایبەتمەندیی و بایەخێکی گرانبەهای لە خۆ گرتووە، چونکە خاوەنی زەویو زارێکی بەپیتی کشتوکاڵییە بە تایبەتیش بەرووبوومی دانەوێڵەی (گەنمو جۆ) لە چوار وەرزی ساڵیشدا پاوەنێکی هەمیشەیی مەڕو ماڵات بەخێوکردنە. جگە لەمانەش سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی جۆرەها کانزای وەك " نەوتو گۆگردو مەرمەڕو گەچ.." ە هەربۆیە رژێم کارگەیەکی گەچو سایلۆیەکی گەورەی بۆ عەمبارکردنی گەنمو جۆ لە مەخمور دروست کرد کە ئەم سایلۆیە بە دووەمین سایلۆ دادەنرێ لەرووی قەبارەو فراوانی لەسەر ئاستی عێراق.

ئەگەر بەخێرایی تیشکێك بخەینە سەر کانە نەوتیەکانی ئەم ناوچەیە دەبینین:

- تەنیا لە گوندی سەر بەشاخ "20" چاڵە نەوت هەیەو گوندەکانی دیکەش لە بناری (زوورگە زراو) وەك (پەرکانەو جالستان) نەوتێکی زۆری لێ هەیەو ساڵانێکە رژێمی بەعس بە هۆی بۆڕی گەلێکەوە بە کۆمپانیای (بای حەسەن)ی بەستۆتەوە. هەر لەژێر (زوورگە زراو) حەوزێکی‌تری نەوت هەیە کە بریتییە لە (18) چاڵە نەوت، ئەگەر سەیرێکی چیای (قەرەچووغ)یش بکەین کە ژێرەوەی بە دەریای نەوت ناوزەند کراوەو یەدەگی نەوتەکەی هیچی لە (بابە گور گور) کەمتر نییەو بەرهەمی خەملێنراوی رۆژانەی دەگاتە (7000) بەرمیل، هەروەها لە گوندی (شەناغەی) نزیك (پەلکانە)و گوندی (داودو گورگەی) نزیك گوندی (سەرگەران) (40) بیرە نەوتی تر هەیە، جگە لە دەیان بیری تر کە سەریان داخراوەو حاڵی حازر نەوتەکەیان دەرنەهێنراوە وەك ئەو بیرانەی بەم دواییە لە ناوچەکەدا دۆزراوەتەوە لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە گوندی " لهێبانو سێقۆچان" کە حاڵی حازر ئەم ناوچانە بە عەرەب کراون سەرباری چەند بیرێکی تر لە نێوان گوندی (لهێبانو دەرماناوە). هەرچەندە مەخمور بە هەرسێ ناحیەی دەشتی قەراجو کەندێناوەو گوێڕەوە بە هەموو گوندەکانییەوە لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندانیە، بەڵام بۆ ئایندەی کوردستان دەبێتە کۆڵەگەیەکی ئابووریو دەرامەتی دەوڵەتو عەمباری لەبن نەهاتوی سامانی نەتەوایەتیمان کە کورد تەنیا لە دەشتی (کەندێناوە) بارتەقای یەك لە وڵاتانی کەنداو نەوتی هەیە. بۆیە زۆربەی ئەو رژێمانەی لە عێراقدا حوکمڕانییان کردووە، چاویان بڕیوەتە ئەم ناوچەیەو هەموو کات هەوڵی ئەوەیانداوە پاکتاوی نەژادی لەو ناوچەیەدا بکەنو بە پرۆسەی (تەعریبو تەرحیل) ناوچەکە عەرەبنشین بکەن، هەر لەم سۆنگەیەشەوە چەندین جار دانیشتوانی ناوچەکەیان ئاوارەو دەربەدەر کردووە بە تایبەتیش لەوکاتەوەی بەعسیەکان هاتنە سەر حوکم، ئیدی پرۆسەی (تەعریبو تەبعیسو تەهجیر) پەرەی پێدراو بە چەندین شێواز فشاریان خستۆتە سەر دانیشتوانی ناوچەکەو عەرەبیان لە جێگایدا نیشتەجێ کردووە و ناوی گوندەکانیان لە کوردیەوە گۆڕیوە بۆ عەرەبیو لە ساڵی1987 یش بەدواوە ئەم ناوچەیەش بێ بەش نەبوو لەو هەڵمەتە ڕەگەز پەرستییەی کە بەعسیەکان کردیان لەڕووخانی خانووی لادێ نشینەکانو سەرجەم گوندەکانی خاپوور کراو دانیشتوانەکانیشیان ئاوارەی ئۆردووگا زۆرە ملێکان کراو هەندێکیشیان چوونە مەخمور، هەر لەگەڵ راپەڕینی ساڵی 1991و تەقانەوەی رقی پیرۆزی جەماوەر بەرامبەر بەو هەموو تاوانە وەحشییانەی دەسەڵاتدارانی رژێم لە کوردستاندا دەیانکرد شارۆچکەی مەخموریش لە 1991/3/12 راپەڕیو مەخمور پاککرایەوە لە دامو دەزگاکانی بەعسو چەندین بارەگای حزبی تیاکرایەوەو بۆ ماوەیەکی کورت بە ئازادانە ژیاو لەگەڵ گەڕانەوەی رژێم بۆ ناوچەکەو بەرنەکەوتنی شارۆچکەی مەخمور بۆ نێو هێڵی (36) دەسەڵاتدارانی رژێم ئەمجارەیان لە جاران دڕندانەتر کەوتە ئازاردانو ئاوارەکردنی دانیشتوانی ناوچەکەو دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەو خێڵە عەرەبانەی کە بە مەبەستی تەعریبکردن هێناویانەتە ناوچەکە، جگە لەمەش لە هەردوو گەڕەکی (حی سەدامو حی عسکری) کە بۆ پیاوانی لەمەڕ خۆیان لە مەخمور دروستیان کردبوو فراوانتریان کردوو بە دابەشکردنی زەوی تر بەسەر عەرەبەکانی (گەیارەو شەرگات)و گوندەکانی تری عەرەبانو هەموو ئاسان کاریەکییان بۆ دەکرێ بۆ ئەوەی عەرەبی تریش نەترسنو بێنە ناوچەکە، هەرچی ئەو برا کوردانەشن کە لە مەخمور ماونەتەوە زەویەکانیان لێ سەندراوەتەوەو دراوەتە عەرەبەکانو هیچ شتێکی وەك خانوو دوکانو ئۆتۆمبێل.. بە ناو ناکرێ. جگە لەمانەش هەر لەناوچەکەشدا گوندی (سەرگەڕان)ی کردووە بە ناحیەی (قودس)و گوندی (مەلا قەرە)شی کردووە بە ناحیەی (عدنانیە) وەك ناوەندێکی سەربازی بۆ پشتگیری کردنی ئەو عەرەبانەی کە دەیانهێنێتە ناوچەکەو بە جۆرەها چەكو جبەخانەو هێزی سەربازیش پارێزگارییان دەکاتو چەندین بیری ئیرتیوازیو پارەو ئۆتۆمبێلی داونەتێ، جا ئەوەی ماوەتەوە بیلێم ئەوەیە کە مەخمور هەموو دەشتی (قەراجو کەندێناوەو مرکیەو شەمامك) هەموو ئەو گوندو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی فاشی بەعسدا دەناڵێننو ماونەتەوە، بەشێکی هەرگیز جیا نەکراوەن لە خاکی کوردستانو خەڵکە خۆڕاگرەکەی سنووری قەزای (مەخمور)یش چ زوو بێ و چ درەنگ هەردەبێ سەر بەرزانە بگەڕێنەوە سەر زێدی بابو باپیرانیانو پێویستە لە سەر هەموو لایەکیشمان ئەو تەوقە بێدەنگییە بشکێنینو بە حوکمەتی هەرێمو سەرجەم حزبو رێکخراوەکان فشار بخرێتە سەر (UN) بۆ فراوانکردنی هێڵی (36) بۆ هێڵی (34)و جێبەجێ کردنی بڕیاری (688)و گەڕانەوەی سەرجەم ئەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا نییە.

تێبینی:
(1) بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بیرە نەوتەکان سوود لە بابەتێکی کاك (جەلال سنجاوی) وەرگیراوە بە ناوی (بایەخی ئابووری دەشتی کەندێناوە) کە لە ژمارە (3144)ی رۆژنامەی برایەتی دا بڵاوکراوەتەوە.

پەیڕەوکردنی یاسا لە نێوان ڕەزامەندی زۆرەملێیانەو بەشداری هۆشمەندانە

نەعمان عومەر

لە درێژەی گەشەو گۆڕانی ژیانی مرۆڤو هەنگاونانی بەرەو بنیادنانی شارستانیو پێشکەوتنو مرۆڤایەتی لە دۆخی پەیوەندیە سروشتییەکان هاتە دەرو هەنگاوی نا بەرەو فۆرمو سستمێکی تری ژیان کە مرۆڤ تیایدا وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیو ئەکتیڤ خۆی نواندو هەڵسا بە دەستنیشانو ئاراستەکردنی کارو گریمانەکردنی دەرئەنجامەکانی. لەوکاتەوە کارو بەرژەوەندی بوو بە بزوێنەرو خولقێنەری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، یا دەربڕینی (جان جاك رۆسۆ) (هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ دەستی گرت بە سەر پارچە زەوییەکداو گوتی ئەمە هی منەو کەسانێکیشی وا لێکرد بڕوای پێ بکەن ئیتر مرۆڤ پێی نایە قۆناغی مەدەنییەوە (العقد الاجتماعی جان جاك رۆسۆ) واتە دوای سەرهەڵدانی خاوەنداری تایبەتو هاتنە ئارای سستەمی چینایەتی گۆڕانکاریەکی "ریشەی لە کۆمەڵگادا رویداو بووە هۆی لێکترازانی پەیوەندییە سەرەتاییەکانو سەرهەڵدانی پەیوەندیە پەیماننامەکان، ئەو پەیوەندیانەی کە لە سەر بنچینەی کاری ئیرادەییانەی نێوان دەستەو گروپە نوێیەکان هاتەبوونو تیایدا هێز بووە فاکتەری یەك لاکەرەوەی پرۆسەی گرتنە دەستی دەسەڵات، بەو پێیەی میکانیزمی هێزیش بۆ هاوسەنگ راگرتنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دروست بوونی شەڕو پەشێویو تێکچوونی ئاسایشی گشتی، ئەوا خواستی گەڕانو سۆراخکردن لە رێکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر بنەمای (روایەتی) وەك پێداویستییەکی مێژووی جێگای لە هزرو خەیاڵی لێکۆڵەرەوانی کایەی سیاسیدا گرت. بەم پێودانگەش دەکرێ بڵێین سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی رێکخستنی کۆمەڵگا لە بازنەو چوارچێوەی یاسادا گرێ دراوە بە سستەمی چینایەتیەوە تا ئەم ژێرخانەش پێکهێنەری پەیوەندیە یاساییەکان بێت ئەوا لە هەمبەر دوو مەرجی بنەڕەتین کەبێ بەرجەستەبونیان ئەستەمە بتوانین قسە لە سەروەری یاسا بکەین، یەکەم پێویستە یاساکان سەرچاوە گرتوی ئیرادەی هەموان بێو لە ئاکامی بڕیاری ئازادانەی سەرجەم کۆمەڵگاوە بەرهەم هاتبێو پارێزگاری لە مافەکانی بکات.

دووەم، یاساکان شەفافیەتێکی ئەوتۆیان هەبێت کە مەودای گۆڕانو چاکسازیان لە پێشدا واڵا بێ. جەخت کردنەوەمان لە سەر ئەم دووخاڵەو نرخاندنیان لەو سۆنگەیەوەیە، کە یاسا ئامۆژەیەکی مرۆییەو لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگادا گۆڕانی بەسەردێو ناکرێ بە سەرپۆشی پیرۆزی دەمامك بدرێو دەستلێدانیشی لە بابەتە قەدەغەکراوەکان بێت. چونکە هەر یاسایەك لە گەوهەردا بریتییە لە راگری ئەو ئەزموونە دیسپلینانەی کە تاكو گروپەکانی کۆمەڵگا لە سەری رێککەوتونەو کردویانە بە رێسایەك بۆ ئەرك و مافەکانیان. بەو پێیەی ژیانی مرۆڤیش لە گۆڕانو خرۆشانێکی بەردەوامە ئەوا خواستی بەرفراوان کردنو بە دەستهێنانی ئازادیو خۆشبەختی زیاتر هەمیشە هاوشانە لەگەڵ مرۆڤدا. بۆیەش پێویستە هاوتەریب لەگەڵ رەخسانی زەمینەکانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا سستەمە یاساییەکانیش گۆڕانیان تیادا ئەنجام بدرێو رێکبخرێتەوە لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکان. بەم شێوەیە یاسا لە گشتیترین مانایدا بریتیە لە کۆی گشتی ئەو سستەمە دیاریکراوەی کە لە قۆناغێکی تایبەتدا هەموان لە سەری رێککەوتونەو کردویانە بە بنچینەیەکی دانپێنراو بۆ هەڵسوکەوتەکانیان. یاسا پێوەرێکە بە دەستی مرۆڤەوە بۆ هەڵاوێرکردنی پرسەکان دەشێ بە شێوازێکی دادپەروەرانە بەکار بهێنرێ دەکرێش زۆر ناهاوسەنگو پێچەوانە، کەواتە هەر دەگەڕێینەوە سەرچەقی ئەو بازنەیەی لێوەی دەستمان پێکردو وتمان بریتییە (واتە یاسا) لە بنەمایەك بۆ هاوسەنگ راگرتنی ململانێو کێبڕکێکان. بەڵام ئاخۆ بە چ میکانیزمێك دەتوانین ئەو هاوسەنگیە رابگرین، یا بە واتایەکی تر چۆن دەکرێ هاوولاتی پابەند بوو بە یاسا بەرهەم بێت. وەڵامی ئەم پرسیارە لە قۆناغو هەلومەرجێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ ئەویش بە هۆی ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگاو وشیاری کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە، کە گوزارشتە لە دۆخی کۆمەڵایەتی، بەڵام بە روونی ئەوەی تا ئێستا دەبینرێ دوو شێوازی ئاشکراو روونە، یەکەمیان: زەبروزەنگو توندوتیژی بە میکانیزمی شیاو دەزانێ بۆ ئەو مەبەستە، چونکە هەڵگرانی ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە پێیان وایە مرۆڤ لە دەرەوەی ترسو سزاو دادگای کردن پەیرەوی یاسا ناکاو ناتوانێ خواستو غەریزەکانی کۆنترۆڵ بکاو بیخاتە ژێر رکێفی عەقڵەوە، ئەمەش بەو پێودانگەی کە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا لە لایەك هەڵگری خولیای خۆپەرستییە لە لایەکی تریش بونەوەرێکی بزێوو سەرەڕۆیە، بەڵام شێوازی دووەم وای دەبینێ کە پرۆسەی پابەندکردنی هاوولاتی بە یاساوە پرۆسەیەکی پەروەردەییەو لە رێگای وشیارکردنەوەی خەڵكو رەخساندنی زەمینەی بەشداری کردنی چالاکانە لە کاروباری گشتیدا بەرهەم دێت، کە تاكو گروپەکانی کۆمەڵگا لە سایەیدا هەست بەبوونی خۆیان دەکەن، ئاشکراشە بە دیهێنانی رەزامەندی "ئەمری واقع" کە بە رێگای چەپاندنو داپڵۆسینەوە بەرجەستە دەبێت ناکۆکەو دژە لەگەڵ قبوڵکردنی هۆشمەندانەی هاوولاتیان. لە هەلومەرجی یەکەمدا، ئاسایشو ئارامی گشتیو سستەمی سیاسی بارگاویە بە ڤایرۆسی لە بەریەك هەڵوەشانو تێکچوونی پەیماننامەکان، ئەو پەیماننامانەی کە بنچینەی سەرجەم سستەمە یاساییەکانە چونکە میکانیزمەکانی هێزو کارکردەکانی مرۆڤ تووشی نامۆ بوونو بێزاریو هتد. دەکاو لە دەرەنجامیشدا دەستورو سستەمە یاساییەکان بە بەشێك لە کارە ئیدارییەکانی خۆی نازانێ کە لە میانی هەوڵو کۆششی لێبڕاوانە بەرهەمی هێناونو بووە بە پێودانگێك بۆ زامنکردنی مافە سروشتییەکانی بەڵکو لەوەها دۆخێکدا کە دیسپلینە یاساییەکان بە رێگای چەپاندنو رەزامەندی ناچاریانە بێتە بوون، تاكو گروپەکانی کۆمەڵگا "یاسا" بە یەکێك لە گرنگترین چوار چێوە دەزانن کە بەربەستە لە پێش ئەفراندنو گەشەکردندا، بۆیەش لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا ئەو مرۆڤە چەپێنراوە هەوڵی دووبارە ژیانەوەو بە دەستهێنانەوەی مافەکانی دەدات کە لە لایەن دەستەی فەرمان راوەوە پەراوێزکراوە، لێرەوەش دەتوانین بڵێین میکانیزمەکانی هێزو رەزامەندی "ئەمری واقع" نا هاوشانە لەگەڵ پرەنسیپی سەروەری یاسا، چونکە یاسا بۆ خۆی کۆمەڵی رێزبەندو چوارچێوەی دانپێنراوە، یا بە دەربڕینێکی تر یاسا سنوورێکی تەلبەندکراوەو ملی هەموو ئەوانە دەگرێت کە هەوڵی تێپەڕاندنی دەدەن، بێ گەڕانەوە بۆ ئەو فەزاو مەودایەی کە پێویستیەکانی گۆڕانکاری فەراهەم دەکەن، بەڵام لۆجیکی هێز توخمێکی نامۆیە بە جەستەی "یاسا" چونکە بەرهەم هێنی نا هاوسەنگیە لە نێو ململانێ کۆمەڵایەتییەکاندا، بەو مانایەی فەرزکردنی بە زۆری ئیرادەی دەستەیەکە بە سەر دەستەو گروپێکی ترەوە لێرەوەش ئەو راستیەمان لا ئاشکرا دەبێت کە پابەندکردنی زۆرەملێیانەی هاوولاتی بە یاساوە کارێکی نا عەقڵانیو نا هاوشانە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو لەوەش زیاتر لێکهەڵوەشانو پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافە سروشتییەکانی مرۆڤە کە لەگەڵ بوونو هاتنە ئارای کاری بۆ دەکاو دەخوازی بە دەستی بێنی، بۆیەش ناکرێ سستەمەیاساییەکان فاکتەری گەشەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵگاو پەرەسەندنی سستەمی سیاسی بن تا سەرچاوە گرتووی ئیرادەی هۆشمەندانەی خەڵكو پارێزەری مافی هاوولاتی نەبن. چونکە ئەمە تاکە رێگایە کە لە سایەیدا دەسەڵات شەرعیەتی یاسایی بە دەست دێنێو دەتوانێ گەرمو گوڕو کارابێ لە هەڵسوڕانی کاروباری گشتیو راکێشانی راو سەرنجی رێژەیەکی هەرچی زیاتر لە کۆمەڵگا بۆ بەشداریکردنی ئەکتیڤانە لە پرسە نیشتمانیو سیاسیەکانداو ئنتیماکردنی بۆ ئەو پارتو بەرنامە سیاسیەی کە دەرفەت فەراهەم دەکات بۆ مرۆڤ کە وەك تاکێکی کارتێکەر رۆڵی تایبەتی ببینێ لە پێشخستنی کۆمەڵگاو هەنگاونانی بەرەو دنیایەکی باشترو پرشنگدارتر کە تیایدا چەوسانەوەی مرۆڤی لە لایەن مرۆڤەوە وەلابنرێو بخرێتە ناو مێژوو سەرەتای لە دایکبوونی مێژووی نوێی مرۆڤایەتی سەرهەڵبدات یا راستر سەرهەڵدات.

ساڵڕۆژی لە دایك بوونی لینین

جەوهەر سەیدا

لینین لە غەریبی

مێژوو زۆر چەشنە نمونەی کۆچکردنی سیاسیمان بۆ روون دەکاتەوە بەڵام بێگومان دیارترینو قەشەنگترین نموونەی کۆچکردن ئەوەی فلادیمیر یلیچ لینینە، لینین ناچار بوو زیاتر لە پانزە ساڵ لە دەرەوەی روسیا بمێنیتەوە، ئەم پانزە ساڵ دوورییەی ماموستاو رابەری مەزنی چینی کرێکار لە نیشتمانەکەی بەرهەمدارترین ساڵانی تەمەنی ئەو رابەرە بوو، توانی ئەم پانزە ساڵە بۆ ئامادەکردنی تیۆریو سیاسیو کاروباری شۆڕش تەرخان بکات. شۆڕشەکەی 1905-1907 شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراسی لە شوباتی 1917 و شۆڕشی سوسیالیستی مەزنی ئۆکتۆبەر جا لە بەر ئەوە چاوگێڕانەوەمان بە هەندێ نموونەی یادو بیرەوەریو نووسینی هاوڕێیانی لینین لە دەرەوەی وڵات باشترین یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی باشتر هەڵوێستو تێگەیشتنی لینین لە کۆچ کردنی سیاسیو ئامانجەکانی تێ بگەین

رێگەی جۆر بە جۆر پەیوەندی بە نیشتمانەوە

راستە لینین لە نیشتمان دوور بوو، بەڵام بە دەیانو سەدان رێگەی پەیوەندی بە نیشتمان گەلو چینی کرێکاری روسیاوە هەبوو. ئیلیا ئۆرنبرگ کە نووسەرو شاعیرێکی مەزنی روسی بوو، چەندان ساڵی لاوێتی خۆی لە ناو بەلشەفی لە دەرەوەی وڵاتەکەی لە پاریس بە سەر برد بوو، لەوێ بوو یەکەمین جار چاوی بە لینین کەوتبوو، هێشتا تەمەنی هەژدە ساڵان بوو تاقیکردنەوەی تێکۆشانی لە ریزی رێکخراوە بەلشەفییەکانی روسیاداو ماوەیەکیش لە بەندیخانەی تساریزمدا بە سەربردبوو، دوای ئەوە ناچاری کۆچ کردن کرابوو لە رۆژانی یەکەمی گەیشتنە پارسیدا بەشداری کۆبوونەوەیەکی وتار خوێندنەوەی کردبوو کە لینین لەوێدا ئامادەبوو، ئەو لاوە سەرگەرمە کە گوێی لە وتارەکەی لینین گرتبوو.. پاشان لە یادگاری رۆژانەیدا ئەم وشانەی نووسی بوو. وەڵامدانەوەی لینین زۆر بێ فیزانە بوو لە لەخۆبایی بوون دوور بوو. هەر شتێك لەوەوبەر بە هەڵە تێی گەیشتبووم بۆمی روونکردەوە دوای کۆبوونەوەکە فلادیمیر ئیلیچ لینین لێی پرسیم ئایا لە مۆسکۆوە هاتوویت؟ لە وەڵامدا گوتم تا کانوونی دووەم.. لە رێکخراوی مۆسکۆدا کارم دەکرد، ئینجا لینین بۆ ماڵی خۆیانی بانگ کردم. باسی دۆزینەوەی رێکخراوی خوێندکارانم بۆ کرد هەروا وتاری "دووساڵ بۆ تاقە حزبێك"و باسی هەڵو مەرجی ژیانم بۆ کرد لە بولتافا، لینین زۆر بە وردیو بایەخەوە گوێی لێ دەگرتمو هەندێ جاریش زەردەخەنە دەکەوتە سەر لێوانی، منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە قسەکانی منی بە کاڵو کرچ دەزانی، پێم وت ناونیشانێکم هەیە بۆ وەرگرتنی چاپەمەنی دەیدەمو نادیژدا کروپسکیا ناونیشانی منی نوسیوە، ویستم بڕۆم بەڵام لینین رای گرتمو لێی پرسیم ئاخۆ لاوان چۆن بیر دەکەنەوە. کتێبی کام نووسەری روسی دەخوێننەوە، لە سەر کورسییەك دانیشتبوومو لینین بە ژوورەکەدا دەهاتو دەچوو کتێبەکانی لە ناو کتێبخانەکەدا بوونو لە سەر مێزەکەی هیچ کتێبێك نەکرابوەوەو لە ماڵی هاوڕێیانی ترمان لە مۆسکۆدا بەم جۆرەم نەدیبوو، لینین چەند جارێکیش رووی کردە نەدیژا کروپسکایاو گوتی: ئەم هاوڕێیە راستەوخۆ لەوێ راهاتووەو، دەشزانێ لاوان چۆن بیر دەکەنەوە.

چۆن دەتوانرێ بە سەر دووری جوگرافیادا زاڵ بن؟

ساڵی 1905 لوناچارسکی نوسیویەتی: لەو کاتەدا لینینو چەند هاوڕێیەکی تر رۆژنامەی "بۆ پێشەوە"یان لە ژنێڤ دەردەکرد لینین هیچ هەواڵێکی پشت گوێی نە دەخست کە لە روسیاوە دەگەیشت، کاتێك نامەی وەردەگرت هەر بە پێوە دەوەستاو لێی دەروانیو دەسبەجێ لە زمانی رەمزو نیشانەوە بۆ زمانی ئاسایی دەگۆڕێ و کە نامەکە تەواو دەبوو زۆر بە پەرۆشەوە دەیخوێندەوە، هەندێ جار تاقە هەواڵێکی بچووکیشی سەرنج دەداو دەکەوتە هەڵسەنگاندنی، ئەندامانی دەستەی نووسەران خوێندنەوەی رۆژنامە روسییەکانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردبووو بەڵام لینین هەموو رۆژنامەکانی دەخوێندەوە ئا بەم جۆرە بوو دەیتوانی بە سەر دووری جوگرافی زاڵ بێ.

22ی نیسانی هەموو ساڵێك یادی لە دایك بوونی رابەری مەزنی پرۆلیتاریای جیهان فلادیمیر ئیلیچ لینین دەکرێتەوە ئەو رۆژە نەك تەنیا لای گەلانی روسیاو وڵاتانی سۆسیالیستیو پرۆلیتاریای جیهان، بەڵکو لای تەواوی گەلانی جیهانو رۆژێکی پرشکۆو جێگە دیارە تا ئەمرۆ هەزاران وتار لە سەر ژیانو تێکۆشانی ئەم رابەرە مەزنە نوسراوەو گوتراوە. نوێنەری رای گشتی جیهانو گەورە پیاوانو رابەرانو سەرکردەو زاناو هونەرمەندان بە جوانترین وشەی پرشنگدار ناوی لینینیان بردووەو دەور گێڕانی ئەو بلیمەتە خۆشەویستەیان دەرخستووە لێرەدا، چەپکە گوڵێکی نموونەی ئەو وتانە دەخەینە یادی خوێنەران.

جەواهیر لال نەهرۆ: بە راستی کەسایەتی لینین بووەتە ئەفسانەیەك نەك هەر لە نیشتمانەکەیدا لە روسیاداو بەس، بەڵکو لە هەموو جیهانیشدا ساڵان تێدەپەڕنو گەورەیی لینین پتر دەبێو شوێنی خۆی لە ریزی قارەمانە نەمرەکان گرتووە. بەڵام لینین دەژی نەك هەر لە وێنەدا بەڵکو لە مەزنی ئەو کردەوانەشدا کە هێنایەدیو لە دڵی سەدان ملیۆن لەو رەنجبەرانەی کە ناوەکەی لای ئەوان سەرچاوەی سروشتیو هیوا بە دوارۆژ پەیدا دەکات.

هۆشی مین: ئەگەر لینین بە نیسبەت پرۆلیتاریای رۆژئاواوە سەرۆكو سەرکردەو مامۆستا بووبێ، ئەوا لای گەلانی رۆژهەڵات گەورەترە لای ئەوان پیاو چاکە. لینین دڵی گەلانی ئاسیا شەیداو دیل دەکا نەك هەر بە بلیمەتیەکەیو بەس. بەڵکو بەوەش کە بە چاوی سووکی سەیری دەبدەبەو تەخشانو پەخشانی دەکاو حەز لە کارکردن دەکاو ژیانی کەسایەتییەکەی بێ پەڵەو پاکەو سادەیە، بە کورتی مامۆستایەکی رەوشت مەزنو تەرزو بلیمەت بوو، گەلانی رۆژهەڵات کەوا باوە وەك گیانلەبەرانی دواکەوتوو نزم تەماشایان بکرێ وێنەیەکی بەرجەستەی برایەتی گشتی لە لینیندا دەبینن، نەك هەر لە سەر ئەمە سوپاس گوزارین بەس بەڵکو زۆر بە قوولیش خۆشیان دەوێ رێزگرتنیان هاوتای رێزگرتنی کورانە لە باوکان.

فیدل کاسترۆ: هەمیشە لە ریز لێگرەکانی لینین بووین بەڵام دیتنی ئەوەی کە گەلەکەی لینین جێبەجێیان کردووە دوایی کەسایەتی لینینمان ناسی لینینمان تا پلەی قارمانانە هەرە مەزنەکان لە بەر چاو مەزنتربوو لینین بە نیسبەت ئێمەوە لە جاران پتر نەمری دەبێ.

سوود لە رێگای ئاشتیو سالیزم وەرگیراوە بە دەستکارییەوە/ ژمارەی 6ی نیسانی 1987